# ئەحمەدی نەژاد :
# لەئیسلامی پۆلیزمەوە بەرەو سیاسەتی پان ئیسلامیستی

**خەسرەو سایە**
k.saya@ukonline.co.uk



بەهاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد، جمهوری ئیسلامی ئیران، لەکیشمەکیشی بالاکانی نیوخۆیەوە، بەرەو دەورەیەکی نوی لەسیاسەتی پان ئیسلامیستی هەنگاودەنی. هەرەشەکانی ئەحمەد نەژاد لەسرینەوەی دەولەتی ئیسرائیل وپاشان سەردانەکەی بۆ دیمەشقی پایتەختی سوریا وکۆکردنەوەی گروپە فەلەستینیییەکان، کەلەنیویاندا حەماس و جیهادی ئیسلامی ئامادەیی بوون، هاوکات دەخالەت لەبارودۆخەکانی لوبنان وهاندانی حیزبواللە تا دەگات بەراوەستان لەپشت دەستەو تاقمی ئیسلامی سیاسی لەعیراق و کۆمەك کردنیان بۆئیسلامیزە کردنی کۆمەلگا و دامەزراندنی حکومەتیکی ئیسلامی لەعیراق.. هەموو ئەمانە لەکەنار داسەپاندنی قەیرانیك بەسەر کۆمەلگای نیودەولەتیدا لەپەیوەند بەپیشەسازیە ناوەکییەکانەوە، نیشانەکان و دەرکەوتەکانی هەلکشانی ئەحمەدی نەژاد و حکومەتەکەی بەرەو یەك سیاسەتی توندرەوانەو پان ئیسلامیستی لەناوچەکەدا ئاشکرا دەکات. بەلام بناغەکانی ئەم سیاسەتە چییەو چ ئەنجام وداهاتوویەکی مەترسیدار لەناوچەکەدا بەدوای خۆیدا دینێ؟

هاتنەسەرکاری ئەحمەدی نەژاد لەریگای هەلبژاردنەکانی چەند مانگ لەمەوبەری ئیرانەوە، ئەگەرچی رووداویکی کتوپر وچاوەروان نەکراوبوو، بەتایبەتی کەمشت و مرو کیشەو دەعوا لەسەر دەسەلات، زۆرتر لەنیوان هەردو بالی ریفۆرمخوازان بەرابەری محمدی خاتەمی و بالی توندرەوەکان بەرابەری رەفسنجانی تەوەرەیان بەستبوو. ئەحمەدی نەژاد لەم هەلبژاردنەدا لەخوارەوەی کیشمەکیشەکان و بەکەمترین ئاستی شوهرەتەوە، بەدروشمی خەلك گەرایی و سەروسیماو سیاسەتی پۆپۆلیزمی ئیسلامی و پلاتفۆرمی ئابوورییەوە، کەگوایە تەعبیرەلە خواستەکانی خەلکی زەحمەتکیش و نەداری ئیران، هاتە مەیدانەوە وسەرەنجام توانی لەهەلبژاردنەکاندا گرەوی خۆی بباتەوە. بەلام ئەم بردنەوەیە و دۆراندنی کاندیداکانی تری بالەکانی نیو جمهوری ئیسلامی ئیران، لەورووە نەبوو کەبالی ریفۆرمخوازان و توندرەوان پلاتفۆرم و سیاسەتیکیان لەبەرامبەر کیشەو گرفت و قەیرانی دەروونی نیوخۆی جمهوری ئیسلامی ئیرانیاندا پینەبووبیت. تەنانەت لەو رووەنەبوو کەئەحمەدی نەژاد و پلاتفۆرمەکەی شتیکی زیاتر لەوەی کەتائیستا لەلایەن نوینەرانی بالەکانی نیوخۆی جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە بۆخەلك لەخۆیان نیشان دابی، ئەو دەتوانی ئەنجامی بدات، بەلکو بردنەوەی ئەحمەدی نەژاد لەهەلبژاردنەکانی ئیراندا تەنها بەوهۆیەوەبوو کەقەلشتیکی گەورە لەنیوان خەلك ودەسەلاتی ئیسلامی لەئیراندا پیکهاتبوو کەلەتوانای هیچ یەك لەکاندیدای بالەکانی نیوخۆی ئەم دەسەلەتەدانەبوو کەلانی کەم وەلام بەم گرفتە بداتەوە وخەلك بیهنەوە پشتیسەریان. بەواتایەکیتر خاتەمی و رەفسنجانی و نیونەرانی تری هەردوو بالی ریفۆرمخوازان و توندرەوان کەتائەوکات چەندین دەورەیان لەبەرامبەر خەلکی ئیران و بزوتنەوەی داواکارییەکانی ئەواندا تیپەراندبوو، پەیوەندی خۆیان وسیاسەت و بەرنامەکانیان لەگەل خەلکی نارازی ئیراندا، گەیاندبوو بەپیکهاتنی قەلشتیکی گەورە، بەجۆریك کەتوانای یەکجارییان لە پەسیجدانی خەلك وخۆراگرتنیان لەبەرامبەر شەپۆلی نارەزایەتی و داواکارییەکانی ئەوانیان لەدەست دابوو. بەم پییەش ئەکری بلیین کەئەوە فاکتۆری خەلك وفاصیلەگرتنی دەسەلات بوو لەگەل جمهوری ئیراندا کەدۆراندن و وەدەرنانی کاندیدای ریفۆرمخوازان و توندرەوانی لەپرۆسەی هەلبژاندنەکاندا داسەپاند وریگای کردەوە بەوەی کە ئەحمەدی نەژاد بەسوار بوون بەسەر شەپۆلی نارەزایەتی خەلك و خۆدەرخستن بەیەك سیاسەتی پۆپۆلیستی وخەلك گەرایی ئیسلامییەوە بەرەو ئاستی سەرۆکایەتی هەلکشی. دەست بردن بۆسیاسەتی خەلکگەرایی و پۆپۆلیزم، لەنمونەی بەخشینەوەی خیروصەدەقەو سەرفترەو زەکاتی دەولەمەندان و بەلیندان بەوەی کەئەحمەدی نەژاد کاندیدای باشکردنی ژیانی خەلکەو بەسادەیی لەنیو ئەوانەوە هاتوتە نیو گۆرەپانی لەئەستۆگرتنی سەرۆکایەتییەوە، هاوکات پیداگری ئەو لەسەر راگەیاندنی پلاتفۆرمیکی چاوەشەکارانەی ئابووری بۆسازدانەوە وریکخستنی بازار ودانانی بەرنامەیەك کەهەژاری ونەداری و بیخانەو لانەیی خەلك و نەمانی خزمەتگوزارییەکان و گرانی و فەسادیك کە یەخەی بەکۆمەلگای ئیران گرتووە چارەسەردەکات، توانی چاوەروانی کۆمەلگای ئیران لەجمهوری ئیسلامی بیهینیتە نیو دەروەیەکی تازەوە کە تیدا ئەحمەدی نەژادی سەرۆك کۆمار بیت.

بەلام هەرزوو خاسیەتەکانی دەسەلات لەئیران وەك حکومەتیکی ئیسلامی وهاوکات جیگای ئەم حکومەتە لەسیستەمی ئابووری جیهانی و کەمی سەرمایەکان لەبازاری ناوخۆیی ئیران وکۆمەلە فاکتۆریکی‌تر، ریگای نەدابەوەی کەئەم پلاتفۆرمانەو ئەم سیاسەتە پۆپۆلیستی‌یەی ئەحمەدی نەژاد لەواقعدا پیداچەقینی ولانی کەمی کیشەکانی ئەمرۆی نیوان خەلك ودەسەلاتی ئیسلامی چارەسەربکات، بەلکو بەپیچەوانەوە بزوتنەوەی نارەزایەتی و جەماوەری بۆ رووخانی رژیم ئەو دیاردەیەیە کەهەرئیستا لەبەرامبەر حکومەتەکەی ئەحمەدی نەژاد دا روو لەپەرەسەندنە.

قەیرانی ئابووری وحکومەتی لەئیران ئەگەر چی بەدوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد دا شیوە و چوارچیوەیەکی تری بەخۆیەوە گرتووە، بەلام لەجەوهەردا بەهەمان ماهیەت و ناوەرۆکەوە دریژە بەخۆیی دەدات. سەرمایەداری لەئیران ناتوانی لەقەیرانیك خۆی دەرکیشی کە زیاتر لە سێ دەیەیە بەربینی بە حاکمانی سەرمایە گرتووە، تەنانەت هیچ پلاتفۆرمیکی ئابووری سەرانی دەسەلات ناتوانن وەلامدەرەوەی ئەم گرفتەبن. بەلگەی ئەم راستی‌یەش هەولەکانی خاتەمی و پلاتفۆرمی بالی ریفۆرم خوازان کە چەند دەروەیە راگوزەردەکا و سەرەنجام خۆی بەشکست گەیاند، نیشانەیەکە بۆئەوەی کەجمهوری ئیسلامی ودەسەلاتی ئیسلامگەراکان لەهەر نەوعیکیدا بیت، توانای چارەسەری کیشە ئابووری و رۆژانەیی‌یەکانی ژیانی خەلکی ئیرانی نییە. ئەمە کاریکە کەتەنها لەتوانای چینی بۆرژوازی و ئابووری‌یەکی بووژاوەو چەسپاودایە کەلەلیشاوی زۆری سەرمایەکان و وەگەرخستنی لەپەیوەند بەهیزی کاری هەرزانەوە، بتوانی لانی کەم ئیمتیازاتیکی ئابووری بۆخەلك دابین بکا و ریفۆرمیك بەسەر ئاستی ژیانی خەلك لەئیراندا بینی. لەم بارەوە ئەوە خودی وجودی جمهوری ئیسلامی‌یە وفەرهەنگ وسیستەمیکی دەسەلاتداریتی‌یە کەبۆتە لەزگە و بەربەستیکی سەر ریگای ئەم حەرەکەتەی چینی بۆرژوازی و سەرمایەداری لەئیراندا. لەلایەکی‌تریشەوە ئەوە خەلکی ئیرانە لەنیو بزوتنەوەیەکی شۆرشگیرانەدا لەبەرامبەر جمهوری ئیسلامیدا سەریان دەرهیناوە و رۆژانە لەهەرشیوەیەکدا خواستی رووخانی رژیم تەعبیر لیدەکەن. بەم هۆیانەوەیە کەهەرزوو ئەحمەدی نەژاد ناچار بەهەلکشان لەبەرنامەو سیاسەتی پۆپۆلیزمی ئیسلامی‌یەوە بەرەو یەك سیاسەتی پان ئیسلامیستی تەنانەت لەهەرەشیوە توندرەوی‌یەکەیدا دەبی.

ئیتسا ئیتر رۆشنە بۆ ئەحمەدی نەژادی وحکومەتەکەی کە ویلکردنی  سیاسەتی دەرکی و سەربەخۆداکردن بەبازاری ولاتدا بە پلاتفۆرمی ئابووری وچاکسازی‌یەوە، ناتوانی تەمەنی جمهوری ئیسلامی ئیران بۆماوەیەکی تر لەبەرامبەر خەلکدا راگری. هەربۆیە دەستبردنەوە بۆسیاسەتی پان ئیسلامیستی، یانی گەرانەوە بۆسەر هەمان هیل لەسیاسەتی بالی توندەرەوەکان ریگاچارەیەکی‌تر لەبەردەمدانی‌یە. سیاسەتیك کەلەناوخۆدا پەلاماردانی خەبات و نارەزایەتی‌یەکانی خەلك وراگرتنی گرانی وبیکاری وهەژاری بەردەوامی لیدەکەویتەوە و گرتن و زیندانی کردنی رابەرانی کریکاری و سەرکوتی هەرجۆرە داخوازی‌یەك، تالەسیدارەدانی گەنجان ودەست و پیپەراندن وپەلاماردانی ژنان بەبەهانەی نەهیشتنی فەسادەوە، تادەگات بەتەسککردنەوەی هەرجۆرە هەناسەهەلکیشانیکی بچوکی ئازادی ومیلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان و .. دەیان بەلاو موسیبەتی تری کردۆتە بەشە پیکهاتوەکانی خۆی. لەئاستی دەرەوەش هەرەشکردن لەولاتانی دەروبەروخۆنواندن بەچرنوکی بۆمبای ئەتۆمی‌یەوە، تاکیشمەکیش وپیکیهنانی بارگرژی لەگەل دەولەتانی ئەوروپا و ئەمریکاداو دەخالەتکردن لەبارودۆخەکانی عیراق و لوبنان و میسر وفەلەستین وگەلی ولاتی تر و دەستگرتنی دەستەو تاقمی ئیسلامی بۆ پەرەدان بەتیرۆرو تەقاندنەوە و پیکهینانی نائارامی وئاراستەکردنی ئەم هەولانەش  بۆبەدەسەلات گەیاندنی دەستەو تاقمی لایەنگر بەخۆی... وسەرەنجام راگرتنی جمهوری ئیسلامی ئیران بەسەرچاوەی پشیوی ونائارامی.. بەمجۆرەش ئەوەی لەسیاسەتەکانی ئیستای ئەحمەدی نەژاد دا دەبینری، گەرانەوەیە بۆ هەمان سیاسەتی پان ئیسلامیستی توندرەوەکان، تەنها بەو تایبەتمەندی‌یەوە کەباروۆدخیکی جیهانی بەدوای رووداوەکانی عیراق لەناوچکەدا هیناویەتە کایەوە.. بەلام ئایا ئەنجامی ئەم سیاسەتە کۆمەلگای ئیران وناوچکە بەرەو کۆی دەبات؟

جمهوری ئیسلامی بەبی ئەحمەد نەژاد و بەئەحمەد نەژادەوە خوی بۆمبایەکی مەترسیدارە لەناوچەکەدا، بۆمبایەك کەلەکیشمەکیشە جیهانی‌یەکانی ئەمرۆدا گۆشەیەکی سەرەکی لەجەمسەرەکانی تیرۆریزمی جیهانی‌دا  داگیرکردووە وهەرساتەو هەر رۆژە وەکبەلایەك بەسەر سەری خەلکی ناوچەکەوە خۆی دەناسینی. بەمحالەشەوە ئەم حکومەتە بەبۆمبای ئەتۆمی‌یەکەیەوە هیندەی‌تر  ئەم هەرەشەو مەترسی‌یە تائاستی جەنگ و پیکدادانیکی گەورەی خویناوی کەم وینە بردووە. بەتایبەتی لەگەل هەرجۆرە بەکارهینانیکی ئەم چەکەدا کەس نازانی چارەنووسی چەند لەنەوە تیادەبات. لەلایەکی‌تریشەوە بەدەستەوە گرتنی پیشەسازی ناوەکی وپیداگری رژیم لەپیتاندنی یۆرانیۆم دەرگای قەیرانیکی نیونەتەوەیی خستۆتە سەرپشت کەتیدا پەلاماری سەربازی ئەمریکاو دەولەتانی ئەوروپا بۆسەر ئیران و عیراقیزەکردنی ئەم ولاتەی کرۆتە یەك ئیحتمالی بەهیز لەنیو باروۆدخەکانی ئیستای ناوچەکەدا، کەبیشك ئاکامیکی یەکجار زیانباری دەبیت بۆخەلك. بەهەر باریکدابیت ئەحمەدی نەژاد و سیاسەتی پان ئیسلامیستی رژیمی ئیسلامی لەئیران لەهەر دەورەیەکی‌تر بونەتە بەلاو موسیەبتیکی گەورە بەسەر دنیاو

**خەلكی ناوچەكەو ئیرانەوە. لەپیشیانەوە راكیشانی كۆمەلگای عیراقە بۆنیو سیناریۆی جەنگیكی ناوچەییتر. بەتایبەتی بەدوای هاتنەسەركاری تاقمەكەی ئەلحەكیم ومەجلیسی ئەعلای ئیسلامی لەعیراق بۆسەر حوكم، هاوئاهەنگی‌یەك كەلەم راستایەدا پیك دیت داهاتووی عیراق بەسیاسەتی جمهوری ئیسلامی ئیران ومەترسیی‌یەكانیەوە دەبەستیتەوە.**

**لەوەها هەلومەرجیكدا ئەوە خەلكی عیراق و ئیران وهیزە پیشكەتوخوازو چەپەكانی ئەم دوو ولاتەیە، لەهەركاتیكی تر لەكەنار یەكدا بۆ هەلپیچانی جمهوری ئیسلامی ئیران ووەدەرنانی نفوزی پانئیسلامیستی‌یەكەی لەناوچەكەدا راوەستن. بزوتنەوەی شۆرشگیرانەی خەلكی ئیران وچەپ وكۆمۆنیزم وخەباتیك كە بۆ رووخانی رژیمی ئیسلامی هاتۆتەكایەوە، تەنها فاكتۆری بریاردەرو بەرگرتنە بەهەرجۆرە مەترسی‌یەك كەبەهۆی مانەوەی جمهوری ئیسلامی لەناوچەكەدا هاتۆتەپیشەوە .**

**خەلكی ناوچەكە دەبی بەم مەوقعە مەترسیدارەی جمهوری ئیسلامی ئیران هەستیار بكرینەوە، هاوكات دەبی بەوپەری تواناوە لەپشت سەری خەباتی خەلكی ئیران و بزوتنەوەی شۆرشگیرانەكەیان راوەستن. رووخانی رژیمی ئیسلامی لەئیران نەك تەنها بارودۆخ لەئیران و عیراق بەقازانجی خەلكی ئەم دوولاتە دەگۆری، بەلكو كۆمەلگای بەشەری لەگەورەترین بۆمبای ئیسلامی دەردەكیشیت.**

29/1/2006